# سەرکردەی لێهاتوو کێ یە...؟

و

# سەرکردە دەبێ چۆن بێت ... ؟

نوسینی : مامۆستا ئەحمەد سەلام

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی ٢١

کانوونی دووەمی / ٢٠١٢

زنجیرە ( ١٨ )

## سەرکردەی لێهاتوو کێ یە....؟

## و

## سەرکردە دەبێ چۆن بێ....؟

ئەگەر بمانەوێ لەو راستیە بگەین کە چ هۆکارێکی سەرەکی دەور دەبینێ بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر دوژمندا، دەبێ قەناعەت بەوە بکەین کە ئەنجامی ئەم کارە بەم موعادلەیە دێتە دی... سەرکردەیەکی لێهاتوو + کۆمەڵە جەنگاوەرێکی لەخۆ بوردو + چەك و تفاقێکی کاریگەر = بە سەرکەوتنێکی بەرچاو و بەرجەستە.

ئاشکرایە پێچەوانەی ئەم معادەلەیەش دەبێتە مایەی نەهامەتی، کەواتە راستە رەگەزەکانی سەرکردایەتی بەندە بە خودی سەرکردەوە، ئیتر هەموو لایەنەکانی تر دەبنە هۆکاری یارمەتیدەر لەم بوارەدا خۆیان لە خۆیانەوە بە ئاسانی دێنە دەست... هەموو شارەزایانی کاری سەربازی لەسەر ئەوە رێکەوتوون کە دوو لایەنی سەرەکی هەن دەبێ لە سەرکردەدا هەبن، ئەویش (زیرەکی و ئازایەتی) یە و ئەم دوو سیفەتە لە سروشتییەوە (لە خوداییەوە) لە سەرکردەدا دەبێ هەبن.

(فۆش) سەرکردەیەکی ئەڵمانییە ، لە پێناسە کردنێکدا بۆ سەرکردە دەڵێ:

(سەرکردایەتی کردنی خەڵکی لەوەدا نییە سەرکردە کارەکەی لە خەڵکەکە تەماوی و لێڵاوی بکات، بەڵکو دەبێ کارەکەی وا لەبەر چاوی خەڵکەکەی ئاسان بکات بە جۆرێك لە خەڵکەکە بگات و خەڵکەکەش لەو تێبگەن)...

هەر سەبارەت بە کاری سەرکردە، سەرکردەیەکی عەرەب بە ناوی (عومەر بەرادی)یەوە دەڵێ... (سەرکردە کەسێکە کارەکانی خۆی ئەنجام بدا و خەڵکیش وا لێ بکات کارەکانی بۆ ئەنجام بدەن).

ژەنراڵێکی ئاڵمانی بە ناوی (فۆن درغوتش) کە یەکێکە لە سەرکردە بە ناوبانگەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی سەبارەت بە سەرکردە دەڵێ، (ئەو سیفەتانەی دەبێ لە

سەرکردەدا هەبن ئەوەیە دەبێ خاوەنی دەماخێکی داهێنەرانە بێت، نابێ ئەوەندە چاولێکەر بێت کارەکانی کەسانی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە، بەڵکو دەبێ کارێك بکات دوژمنەکەی لە خەیاڵیدا نەبێت و هەمیشە هەوڵ بدا چەکی ورە و مەعنەویاتی دوژمنەکەی تێکبشکێنێت و دەبێ هەر دەم بیر لە دواڕۆژ بکاتەوە...)

سەرکردەیەکی عەرەب وتوویەتی ... (سەرکردە ئەو کەسەیە کە بتوانێ دڵی ئەو کەسانە رابگرێ کە لەگەڵیدا کار دەکەن و وایان لێ بکات کە هەر چییەکی ویست بێ سێ و دوو بۆی بە ئەنجام بگەیەنن)

دەوری سەرکردە ئەوەندە گرنگە بە رادەیەك دەڵێن هەر کاتێك (ناپلیۆن پۆناپارت) خۆی لە مەیدانی جەنگدا ئامادە بووبێ وەك ئەوە وابووە کە (٥٠) هەزار جەنگاوەری زیاد چووبێتە پاڵ سوپاکەوە... هەر ناپلیۆن بۆخۆی گوتوویەتی (گرنگ زۆری رێژەی جەنگاوەر نییە لە مەیدانی شەڕدا بەڵکو تاقە پیاوێك جاری وایە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی سوپایەك). هەر بۆ نموونە دەڵێن هۆی سەرکەوتنی رۆمان بەسەر (غال)دا دەگەرێتەوە بۆ (قەیسەر)، رۆمانیش بە دەست سەربازە قرتاجییەکانەوە چۆکی دانەدا بەڵکو بەرامبەر (هانی پاڵ) هاتە لەرزین.

هونەری سوپای (مەکدۆنیا) نەبوو هیندستان بگرێت بەڵکو هونەرەکە دەگەرێتەوە بۆ ئەسکەندەری مەکدۆنی خۆی.

سەرکردەیکی عێراقی سەرکردەی لێهاتوو دەکا بە چوار جۆر :

<u>**جۆری یەکەم**</u> ئەو سەرکردانەن کە خاوەنی عەقڵێکی گەورە و دڵێکی لاوازن واتە زیرەکن بەڵام کەم دەسەڵاتن ئەم چەشنە سەرکردانە لە کاتی تەنگانەدا دڵیان دەکەوێتە خورپە و سەریان لێ دەشێوێ دیارە ئەمانەش دەبێتە هۆی لاوازی بیرکردنەوەیان، کە بیرکردنەوەش شێوا دیارە ئەو کەسە ناتوانێ لە کات و شێنی خۆیدا بڕیاری تەواوی خۆی بدات. سەرکردەیەکی وا چەند بلیمەتیش بێت بەڵام کە کەم دەسەڵات بوو شایانی ئەوە نییە کاری وای بخرێتە ئەستۆ بە واتایەکی تر ناکرێ بکرێ بە فەرماندەی مەیدانی.

**جۆری دووهەم**، کەسانێکن عـەقڵێکی بـچوکیان هەیـە و دڵێکـی گـەورە شـك دەبـەن واتـە زیرەك نین بـەڵام ئـازا و بـەغیرەتن ئـەم جـۆرە کەسـانە ئەگـەر کـارێکی سـەرکردایەتیان درایــە دەســت ئازایانــە بــە ئــەنجامی دەگەیــەنن بــێ ئــەوەی بــە بــیر و عــەقڵیان بــۆ ئەنجامەکـەی بـچن ئەمانــە بـا سـەرکەوتنیش بەدەسـت بێـنن بـەڵام چـونکە عاقڵانــە جێبەجێی ناکەن ئەنجامی دەبێتە مایەی شکستی و زەرەر و زیان چونکە بـیر لـەو زەرەر و زیانە ناکەن کە تووشی هێزەکانیان دەبێتەوە ئەم جـۆرە سـەرکردانەش مەترسـیان لـە قازانجیان زیاترە.

**جۆری سێ یەم** ئەو سەرکردانەن کە خاوەنی عـەقڵێکی گـەورە و دڵێکـی بـەهێزن واتـە زیرەك و بەغیرەتن ئەمانە ئـەو کەسـانەن کـە لـە خواییـەوە ئـەم بەهرەیـەیان پـێ دراوە بۆیە دەبێ ئەم جۆرە کەسـانە دەستنیـشان بکـرێن و پـەروەردە و مەشـقیان پـێ بکـرێ و جێی رەوای خۆیان پێ ببەخشرێ.

**جۆری چوارەم** ئەو سەرکردانەن کە خاوەنی عەقڵێکی گەورە و دەسـەڵاتێکی ئاسـایین لـە کاتی ئاساییدا بە واتایەکی تر (ئەمانە سەرکردەی کۆمپیتەرین) ئەم چەشنە سەرکردانە زیرەکن و توانای زانستی و هونەری و سەربازی دەزانن لە کـاتی ئاسـاییدا دەتـوانن وەکـو کارێکی تیۆری (نەزەری) مەبەستەکانیان بەجێ بهێنن بەڵام لە کاتی تەنگانـەدا نـاتوانن بڕیاری گونجاو بدەن بۆیە دەبێ ئەم چەشنانە بـۆ کـات و مەشـق و پـەروەردەیی سـودیان لێ وەربگیرێ نەك لە شوێنە جەنگییەکاندا.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کاری سەرکردایەتی هەروا کارێکی ئاسان و سوك نییە ، بـەڵکو کارێکی قورس و گرانـە و لێپرسینەوەیەکی مێـژوویی بـە دواوەیـە، لـەپاڵ ئەمەشـدا بـۆ کاری سەرکردەیەك کۆمەڵە مەرج و سیفاتێك هەیە دەبێ لەو سـەرکردەیەدا هـەبن تـاکو بتوانین ئـەم ئەرکـەی پـێ بـسپێرین دەکـرێ وەکـو مەیـدانی تـاقی کردنـەوە بـۆ کەسـێك

کەشیاوی ئەوە بێ کارێکی سەرکردایەتی بدەینە دەست هەر لە (ئامر حەزیرەیەکەوە بیگرە تا بە زنجیرەی پلە و پایە دەگا بە پلەی ئامر فەسیل و ئامر سریە و ئامر فوج و ئامر لیوا و ئامر هێز لەوانەش بەرەو ژوور ببێتەوە تا دەگاتە فەرماندەی سوپا و سەرلەشکرێك و سەرۆکی حزبێك یا سەرۆکی دەوڵەتێك) هەر یەکە لەمانە بە پێی شوێن و ئەرکی خۆیان سەرکردەن. بەڵام دیارە دەبێ بە قەد ئەرك و فەرمانەکانیان حیساب بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتیان بکرێ.

پەندێکی باوی سەربازی هەیە دەڵێ (هەموو یەکەیەکی سەربازی بەندە بە ئامرەکەیەوە)..

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە باشە دەبێ ئەو مەرج و سیفەتانە چی بن کە بیسەلمێنن ئەم سەرکردەیە لە فلانە سەرکردە لێهاتووترە؟ بۆ ئەم مەبەستە دەبێ شێوەیەکی گشتی ئەو سیفەتانە بزانین کە لە سەرکردەیەکدا دەبێ هەبن هەموو ئەو کەسانەی چوونەتە بنج و بناوانی ناسینی سەرکردەکانەوە لەسەر هەندێك خاڵ ڕێککەوتوون کە زۆر و کەم دەبێ لە سەرکردەیەکدا هەبن تا بتوانین سیفەتی سەرکردەی لێهاتووی لێ بنێین.

لەوانە:

١- ئازایەتی

٢- زانیاری سەربازی

٣- دادوەری

٤- باوەڕ بەخۆبوون

٥- دەستپاکی

٦- توانا و تەندروستی باش

٧- بێ فیزی و کەم غروری

٨- دڵسۆزی لە کار و باردا

٩- خۆگری لە تەنگانەدا (دڵقایمی)

١٠ داوێن پاکی

**١١- نەهێنی پارێزی (سرپۆش) و گەلێ سیفەتی تری وا...**

**حا بە پێی ئەم دابەش کردن و سیفەتانەی دەستنیشان کراون بۆ سەرکردە دەبێ بڵێین دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە سەرکردە بە پێی شوێنی کار و ئەرکی دەستنیشان بکرێ.**

**١- کەسانی زیرەك و ئازا، ئەشێ ببنە سەرکردەی مەیدانی .**

**٢- کەسانی زیرەك و بە تەنگەوە هاتوو (حریص) ئەشێ ببنە ئەفسەر روکن لە سوپا و دەزگاکانی سەروخۆیان .**

**٣- کەسانی زیرەك و بەسەبر و ئارام ئەشێ ببنە مامۆستا و فێرکار بۆ مەشق و راهێنان وخولە سەربازییەکان.**

**ئەوانەی ژیان و بەسەرهاتی سەرکردەکانی دنیایان خوێندبێتەوە یا لەگەڵیاندا ژیابن گەلێك پەند و دەرسی کاریگەری ئەو سەرکردانە دەخەنە روو کە بۆ مێژوو و بۆ ئەمرۆش دەست دەدەن و دەکرێ سودیان لێ وەربگیرێ.**

**شاعیرێکی وەکو( شوکری فەزلی) رووی دەمی دەکاتە شێخ مەحمودی حەفید و بەرنامەی سەرکردایەتی میللەتێکی هاوچەرخی بۆ دەستنیشان دەکا و دەڵێ:**

**قەومی بێ (سەر) نی یە ئەمرۆ لە عالەمدا هەموو**

**دەتەوێ تاجی سەری بی، بە هەوا گێژی نەکەی**

**مێژووی خۆمان پڕە لە نمونەی زیندووی سەرکردایەتی لێهاتوو کە شایانی ئەوەن ببنە پەند و لە سەریان بەردەوام بین .. (تەفرشیان) ئەفسەرێکی ئێرانی بوو لە بیرەوەرییەکی خۆیدا دەگێرێتەوە و دەڵێ : (ئێمە کۆمەڵە ئەفسەرێك بووین لە خزمەتی بارزانیدا بووین ئەو شارەزاییە سەربازیەی لە بارزانیدا بەدیمان دەکرد ئێمەی ئەفسەرانی ئێرانی کە دەرچووی کۆلێژی عەسکەرییەکان بووین بە قەدەر بارزانی لەو ستراتیژییە عەسکەریانە سەرمان دەرنەدەکرد) هەر دەربارەی لێهاتوویی بارزانی لە کاتی سەرکردایەتی دا ئەوانەی لەگەڵیدا هاوبەشیان کردبوو لە کاتی پەڕینەوە لە ئاوی (ئاراس)داو و دوا کاتی چوونە ناو خاکی سۆڤیەتەوە شاهیدی ئەوەی بۆ دەدەن کە بارزانی خودی خۆی هاوبەشی دەکرد لە پەڕاندنەوەی پیرو پەککەوتەکان بەو ئاوە**

سامناكەدا بليمەتی بارزانی لەوەدا بەدی دەكرێت كە بڕیارێكی دابێت لە كات و شوێنی خۆیدا حیسابی بۆ كردووە بۆ نموونە جارێكیان لە زمانی كاك فەڕانسۆ هەریری دەگێڕنەوە كە بارزانی لە كاتی خۆیدا ناردوویەتی بە دوای یەكێك لە ئاغا ناودارەكانی ئەو سەردەمەی پشدەردا كاك فەڕەنسۆ دەڵێ: ئاغا هات و چەند رۆژێك لەو دەروبەرەدا مایەوە بارزانی هێشتا بانگی نەكردبووە لای خۆی و لێی بپرسێتەوە دەڵێ: منیش بۆ دڵدانەوەی ئاغا پێم وت دڵت هیچ نەكات باوەڕ ناكەم سەرۆك بارزانی هیچ نیازێكی خراپی لە گەڵتدا هەبێت .

هەر كاك فەڕەنسۆ دەڵێت: ئاغا رووی تێكردم و وتی : فەڕەنسۆ ئەم قسانە بەگوێمدا ناچن من بارزانی بناسم حەز بكا رێوی دەكا بە شێر و شێر دەكا بە رێوی جا ئیتر خوا بە رەحمەتی خۆی ڕحممان پێ بكا).

هەر لە كار و ئەركی سەركردایەتیدا دەبێ ئاماژە بەو ڕوداوەش بكەین كە دەڵێن (جارێكیان كابرایەك بە بارێ توتنەوە لە (رایات)ەوە دەكەوێتە رێ بە نیازی ئەوەی ئەو بارە توتنە ساخ بكاتەوە و بژێوی منداڵەكانی پێ دابین بكات، كابرا دەگاتە شوێنی مەقسەدی خۆی لە چەند بازگەیەك بە ناوی گومركەوە باجی لێ دەسەنن تەنانەت لە یەكێ لە بازگەكان یەك دوو زللەشی لێ دەدەن. كابرا ناچار دەچێ سكاڵای خۆی دەگەیەنێتە لای بارزانی ئەویش خەسارەتەكەی بە چەند قاتی بۆ دەبژێرێتەوە پاشان بە كابرا دەڵێ (**وەڵاهی كوڕم بۆ زللەكان مەگەر لە خۆم بدەیتەوە و تۆڵەی خۆت وەرگریتەوە دیارە ئەگەر من پێشمەرگە لەو شوێنانەدا دانەنێم هەڵبەتە كەس نەدەهات ئاوا تەعەددا لە فەقیرێكی وەك تۆ بكات**) كابرا بەم قسانە دڵی ئاو دەخواتەوە و هیچی لە دڵدا نامێنێ و خواحافیزی لە مەجلیسەكە دەكا.

ئەم رووداوانە بەسەرهاتێكی سەردەمی ناپلیۆنم دێنێتەوە یاد ، دەڵێن جارێكیان ناپلیۆن بەسەر نمایشێكی سەربازیدا دەگەڕێ لە پڕ یەكێك لە سەربازەكان بە سكاڵانامەیەكەوە دێتە بەر دەمی ، ناپلیۆنیش چاو دەگێڕێ بە سكاڵانامەكەدا روو دەكاتە سەربازەكە و دەڵێ كوڕم تۆ ئەم ماوە زۆرە ئەمن زوڵمەت لێ كراوە بۆچی دەنگی خۆت نەگەیاندۆتە

ئێمە ، سەربازەکەش دەڵێ قوربان ئەم زنجیرە دەستاو دەست پێکردنە لە ناو سوپادا کارێك دەکات زۆر جار دەنگی حەق ون بێت ، سەربازەکە لە درێژەی قەسەکانیدا رووبەروی ناپلیۆن دەڵێ ( هەر بۆ نموونە ئێستا لەم نمایشەدا ئەگەر پارچەیەك سەهۆڵ بدەیتە دەستی یەکەم کەسی ناو ریزەکە تا دەگاتە دووا کەسی ناو ریزەکە چەندی لێ دەمێنێتەوە؟) ناپلیۆن لە زیرەکی سەربازەکە خۆشحاڵ دەبێت و دەڵێ بێگومان هیچی لێ نامێنێتەوە سەربازەکەش دەڵێ قوربان داخوازییەکانی ئێمەش چەند راست و حەق بن بەو دەردە دەچن. یا ئەوەتا ناگاتە لای جەنابتان یان ئەگەر بگات بە هۆی ئەم دەستاو دەستپێکردنە ئەوەندەی بە بەرەوە نامێنێ تا مەبەستەکەی ئەو خەڵکەی پێ بێتە دی.

نەهێنی سەرکەوتنی هیچ سەرکردەیەك لەوەدا نییە بە هێزەکەیەوە بنازێ بەڵکو سڕو نەهێنی سەرکردە لەوەدایە چەند حیساب بۆ هێزەکەی خۆی دەکات دەبێ دووقات و سێ قات حیساب بۆ هێزی بەرامبەریشی بکات.

دەبینی لە سیاقی عەسکەریانە دا ئەگەرهەواڵێك گەیشت بەفەوجێکی سەربازی لەشوێنێکدا کەگوایە لە سنوری ئەو فەوجەدا ٣٠ تا٤٠ چەکدارێك لەناوچەکەدا جم وجولیان هەیە ئەم فەوجە بەرامبەر بەو ٣٠تا٤٠ کەسە هێزێك ئامادە دەکات لە سنوری(سریە) یەك دابێ و واتە سێ قاتی ئەو هێزەی لە دژیان ئامادە کراوەو خەریکی جموجوڵە ٠

کەواتە وەختێ پیاو کردەوەکانی بەقەد ڕادەی بەرامبەری نەبوو هەق نی یە بە قسەو خۆهەڵکێشان هاوسەنگی خۆی ڕاست بکاتەوە، ئەم قسانە وامان لێ دەکات بڵێین بناغەی سەرکەوتنی هەر هێزێك وا لە ڕێکخستن وگوێڕایەڵیدایە قەد بەهێزێکی پەرژو بڵاوو ناڕێك ناتوانین سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنین ، بە پێچەوانەوە دەکرێت بەهێزێکی کەمی ڕاهێنراو و ڕێکخراووخاوەن باوەڕو دوور لە گیانی تەماح ودەسکەوتی شەخسی دە توانین سەرکەوتنێکی گەورە و مەزن بە جێ بهێنین ، هەر بۆنمونە ی

بەراورد ئەوەی لە سالآنی شۆڕشی ئەیلول ئەنجام دەدرا بە ژمارە یەکی کەم ئەمڕو بە دەیان قاتی ئەوسایشیین کەچی هێشتا ئەوەندە جیّ دەستمان دیار نی یە ، ئەمە گومانی ئەوە دەخاتە دلّمانەوە کە بۆخۆمان حەزمان لە بیّ نیزامی و بیّ ئیلتزامی بیّ.

مامۆستا(سامی عبدالرحمن)لە ووتەیەکیدا لەیادی یەکیّ لە سالّ ڕۆژەکانی بارزانی نەمردا ئاخ هە لّدە کێشیّ بۆ بارزانی و دە لّیّ (ئێستائەمڕۆ لە هەموو کاتیّ زیاتر پێویستیمان بە سەرکردایەتی تۆ هەیە ،ئێستا تۆ لەناوماندا بویتایە قەت ئەم بیّ ئیدارەیی و بیّ سەروبەرییەمان بەخۆمانەوە نەئەدی، تۆ وەختیّ بڕیارێکت لە حاجی ئۆمەرانەوە دەردەکرد لەو پەڕی گەرمیانەوە بە دەنگتەوە دەهاتن وپەیڕەویان دەکرد ).

بەلگەی گویّ ڕایەلّی لە مێژوویی سەربازییدا زۆرن هەر بۆ نمونە دەلّێن جارێکیان لەنێوان ئە فسەرێکی (یابانی و بەریتانی )دەبێتە مشتومڕیان لەسەر ئەوەی هەریەکەیان بەوەوە دەنازیّ کە سەربازی ولأتەکەی ئەمیان لەهی ئەویان مەشقی باشترو گویّ ڕایەلّترە بۆفەرمانە سەربازیی یەکانی لەسەر ئەو مشتومڕەیان دەگەنە ئەو قەناعەتە لەسەر ئەرزی واقع ئیسپاتی بکەن کە سەربازی کام لایان بەنیزام ترەو کامیان گویّ ڕایەلّترە ،هاتن لە کەنار دەریایەکدا (حەزیرەیەك)لەسەربازەکانی خۆیان ئامادەکرد لە یەك کاتدا هەر حەزیرەیەك وبە فەرمانی ئەفسەرەکەی خۆی بکەوێتەڕیّ، حەزیرە بەریتانی یەکە دەگاتە قەراغ دەریاکە لەپڕدەوەستیّ بەلأم حەزیرە یابانییەکە هەر بەردەوام دەبێت تا یەکە بە یەکەی سەربازەکانی لە ئاوەکەدا نقوم دەبن، ئەوجا ئەفسەرە یابانی یەکە روو دەکاتە ئەفسەرە بەریتانی یەکەو پێی دەلّیّ ئاوا دەنازی بەسەر بازەکانتەوە، لەشەڕدا چۆن پشتیان پیّ دەبەستی ئاگات لیّ یە بیّ ئەوەی هیچ( ایعازێك)ی ڕاوەستان بدەیت سەربازەکانت ئەوامریان شکاندی و لەخۆیانەوە وەستان کەچی سەربازەکانی ئێمە بەردەوامبوون لە پێناوی ڕێزگرتن لەفەرمانی سەربازییاندا یەك یەك گیانی خۆیان کردە قوربانی ولە مەرگ نەسلّەمینەوە .

سەرکردەی لێهاتوو کەسێکە کە بەکەمترین قوربانی گەورەترین سەرکەوتن بەدەست بهێنێ بۆیە دەبێ سەرکردە هەمیشە حساب بۆئەو قوربانیانە بکات کە لە پێناو کارێکی ستراتیجی عەسکەریانە دەیبەخشێ، نابێ وا بیربکاتەوە کە بە دۆڕاندنی شەڕێك لە شەڕەکانیدا ئیتر دەستەو ئەژنۆ لێی دانیشێ، بەلکو دەبێت دەرسێك لەو شکستیە وەربگرێ وخۆی ئامادەبکات بۆ شەڕێکی ئاینده تاسەرکەوتنی تیا بەدەست بهێنێ، جێی شکستەکەی پێشووی پێ پڕبکاتەوە، ئەو سەرکردانەی حساب بۆ ڕادەی قوربانی یەکان ناکەن لەشەڕدا ئەو کەسانەن کە بەتەنگ سەرو گیانی ڕۆڵەکانی میللەتەکەیانەوەنایەن، ئەوەی یاری بەگیانی رۆڵەی خەلکی یەوە بکات مێژوو لێی غافلْ نابێ ودوا ڕۆژ حسابی خۆی بۆدەکات ....

ئەگەر ڕادەی سەرکەوتن بە ڕادەی قوربانی دان بەراورد بکەین لە مێژووی خەباتماندا دەبێ بلێین گەورەترین بەلگە نامەیەکی سیاسی و مێژووی لەم سەردەمانەدا خۆی لەرێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دا دەنوێنێ. لەوسابەدواوە تائێستا سەرەڕای ئەو هەموو قوربانیانەی دوای ئەو رێکەوتننامەیە دراون شتێکی وابەدەست نەهاتووە، هەنگاوێك چی یە پێش ئەو کەوتبێ ئەمەش جارێکی تر سەرکردایەتی مێژوویيانەی بارزانی مان بۆ دەسەلمێنێ .

هەر لێرەدا نرخ و بەهای ئەوبۆچونانەی هێژا(مسعود بارزانی ) دەردەکەون کە زۆرجارلەئاستی بەتەنگەوەهاتنی بۆچارەنووسی میلله تەکەی وتوویەتی خاکی نیشتمان چ نرخێکی دەمێنێ ئەگەر ئێمە بۆخۆمان کارێك بکەین میللەتەکەمان تووشی ئاوارەیی ودەربەدەری بکەین ) .....

گەوره ترین شکست لەڕیزی سوپایەکدا لە بچوکترین چاوپۆشی یەوە سەرهەلْ ئەدا ، لەسیاقی عەسکەریدا هەلّە کردن پاساودانی (تبریر)ی بۆ نی یە قەد لەناو هێزێکی سوپای نیزامی دا ناشێ چاو خلّە فاندن هەبێ.

(عومەری کوڕی خەتاب ) دەفەرموێ ( هەڵەیەکی سوپا لە ناخۆیدا ترسناك ترو کوشندە ترە لەو هێرش و زەبرانەی لە دوژمنێکی دەرەوەی پێی دەگات)

هەر کارە و حسابی خۆی هە یە ، ئە گەر جەنگاوەرێك لەشەڕدا کارێکی پاڵەوانانەی ئەنجام دا دەبێ پاداشتی ئەو کارەی وەرگریٚ.... هەر ئەو جەنگاوەرە ئەگەر هاتوو کارێکی ناشایستەی لەدەست قەوما ئەوا ئەو پالەوانکاریی یەی بۆی نابێتە شەفاعەت ولە سزا ڕزگاری ناکا ئەمە نەك هەر یاسایەکی سەربازی یە بەڵکو یاسایەکی ئاسمانیشە !

بە درێژایی مێژووی عەسکەری لەزۆر ولاٚتدا و لە ناو زۆر میللەتاندا گەلێ کەس لە پـڕ بەرزبونەتەوە بۆ سەرکردایەتی و گەلێکی تر لە پلەی سەرکردایەتی نزم کراونەتەوە، کەسێکی سەرکردەی پاك و دڵسۆز ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك لەپلە و پایەی خۆشی بێتە خوارەوە هیچ کارناکاتە شەخسیەتی و هیچی لێ کەم نابێتەوە، هەر بۆنمونە دوای شەڕی حوزەیران (نێوان عەرەب و جولەکە ) کاتێ جمال عبدولناصر ئازایانە ڕووبەڕووی میللەتەکەی وەستاو بوێرانە مەسئولیەتی شکستی شەڕەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و ئیستیقالە نامەکەی خۆی خستە بەردەمی گەلی میسرو میللەتی عەرەب ، دیمان بەرامبەر بەم هەڵوێستەی عەبدولناسر هەموو میسر بەگەورەو بچوکی یەوە بوون بە یەك دەنگ و بە یەك دڵ و پشتگیری خۆیان دووپات کردەوە بۆ جەمال عبدولناصر و قایل نەبوون بەوەی لەم میحنەتەدا دەستبەرداری ئەو سەرکردەیەی خۆیان ببن بۆیە هەر هەموو میسر بە جارێك پەیمانیان بۆ تازە کردەوە بە هەمان ڕێز و حورمەتی جارانەوە پێشوازیان لێکرد سەرکردایەتییان بکاتەوە.

هەر مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن (خالیدی کوڕی وەلید) کاتێك لە گەرمەی سەرکەوتنەکانیدا دەبێ، فەرمانێکی لە خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب)ەوە بۆ دێت کە کاری سەرکردایەتی سوپاکەی تەسلیم بە (ئەبا عوبەیدەی جەراح) بکات، کاتێك ئەبا عوبەیدە بە دەم پەژارەوە هەواڵی فەرمانەکە بە خالید دەگەیەنێ خالیدی کوڕی وەلید

زۆر لەخۆبوردوانە و بە سنگێکی فراوانەوە فەرمانەکە وەردەگرێ و بەڵێن دەدات کە ئامادەیە وەکو سەربازێك لە ژێر سەرکردایەتی (ئەبا عوبەیدە)دا کار بکات ... ئێستا لە کارو کردەوەی ئەمرۆماندا دەبێ چەند کەسی وامان هەبن ئاوا بەم دڵفراوانییەوە ئامادە بێت بەو گیان و هەستەوە لە ژێر سایەی ئەم و ئەودا کار بکات.

من بۆخۆم لەو بڕوایەدام ئەو کەسەی ئامادە نەبێ بە نزمییەوە بنیشێتەوە قەت ناتوانێ خۆی بە بەرزییەوە ڕابگرێ، تۆ بایی ئەوەندە حەقت بەسەر خەڵکەوە هەیە کە تا چەند خزمەتت کردوون نەك حەقت لەوەدابێ خەڵکی لەسەر هیچە خزمەتکاریت بکەن... سەرکردەی لێهاتوو مەزنی و گەورەیی لەوەدا دەردەکەوێ کە لە پێناوی بەرژەوەندی گەل و وڵاتەکەیدا ئامادە بێت بەرژەوەندی خۆی و دەستکەوتی تایبەتی خۆی بخاتە لاوەو دەستبەرداریان ببێت.

بۆ نموونە دەگێڕنەوە لە شەڕی نێوان( ئەڵمانیا و ڕوسیادا) لە سەردەمی ستالیندا کوڕێکی ( ستالین ) ئەفسەرێکی یەك ئەستێرەی فرۆکەوان دەبێت، بە خۆی و فرۆکەکەیەوە دەکەوێتە بەر دەستی ئەڵمانەکان، پاشان هەواڵ بە ستالین دەدەن و دەڵێن ژەنراڵێکی ئەڵمانی بە دیلی لە روسیا گیراوە با سەربەسەر لەگەڵ کوڕەکەتدا بیگۆڕینەوە، لە وڵامدا ستالین دەڵێ بە چ عەقڵێکەوە ئامادە بم منالێکی کەم ئەزموون بخەمە تای تەرازووی ژەنڕاڵێکی شارەزا و خاوەن ئەزموونەوە با هەر کەسە بە حەق حیسابی خۆی لەگەڵدا بکرێ هیچ کوڕی ستالین لە کوڕی خەڵکی تر زیاتر نییە..

سەرکردەی ئازاو بەجەرگ ئەو کەسەیە لە کات و شوێنی خۆیدا جێ دەستی دیار و ئاشکرا بێت، دەڵێن جارێکیان (ڕۆمل) رێ هەڵە دەکا و دەکەوێتە ناو سەربازگەیەکی دوژمنەوە رێکەوت ئەو شوێنەی تێی دەکەوێ (یەکەیەکی مەیدانی دەرمانخانەی سوپای ئینگلیزی) دەبێ کە ڕۆمل هەست دەکا کار لە کار ترازاوە هیچ خۆی تێك نادات و دێت وەك ئەفسەرێکی ئینگلیز ڕوو دەکاتە ئامری یەکەکە و پێی دەڵێ (کوا میلاکی

یەکەکەتانم بۆ بێنە و پێویستییەکانتان چییە لە داو دەرمان و یەکە یەکە بۆم بنووسەوە، ئینجا بەسەر نەخۆشەکاندا دەگەڕێ، پاشان سوك و باریك بە بێ هیچ پەشۆکان و شڵەژانێك لە سەربازگەکە دەردەچێ و بەوپەڕی ڕێزەوە چۆن پێشوازی لێ کرا ئاوا بەڕێیان کردەوە).

زۆر قەڵەمی ناحەز و دوژمن بە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەیانەوێ لە پەناوە تانە و تەشەر لە هەڵوێستی بارزانی بدەن سەبارەت بە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ی شۆڕشی ئەیلوول هەر هەموو ئەو ناحەزانە چاو لەو پیلانە نێودەوڵەتییە دەپۆشن و بە تاقی تەنیا دەیانەوێ ئۆباڵی ئەو شکستە بدەنە پاڵ بارزانی نەمر، ئەوەی بە ئینسافەوە لە مێژووی ئەو سەردەمە بڕوانێ یەکە یەکە تاڵ و داوەکانی ئەو پیلانە بەراورد بکات لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی دوای بارزانیدا بۆی دەردەکەوێ کە بارزانی چەند سەرکردەیەکی دووربین و پێش بین بووە لە چاك هەڵسەنگاندنی سەردەمی خۆیدا. (ئیسماعیل تایە ئەلنەعیمی) کە یەکێکە لە سەرکردە ناودارەکانی عێراق و یەکێك بووە لەو کەسانەی هاوبەشی وەفدی حکومەتیان کردووە لە ووتوێژی نێوان کورد و حکومەتدا لە کتێبەکەیدا لە ژێر ناوی (تجربتی في القیادە) دەڵێ (ئێمە لە رووی عەسکەرییەوە بە هیچ جۆرێك نەمانتوانیوە بەسەر بارزانیدا زاڵ بین بەڵام هۆکارە سیاسیەکان بۆ سەرکردایەتی عێراق رەخسان و توانیان لە ساڵی ١٩٧٥دا بەسەر کوردەکاندا زاڵ بن).

بارزانی وەك سەرکردەیەکی واقع بین ئەو دیوی گەمەی سیاسی نێودەوڵەتانی خوێندبۆوە و لێی تێگەیشتبوو بۆیە ئامادە بوو قوربانی بدا بە پلە و پایەی سەرکردایەتی خۆی نەك حەز بکا لە پێناوی تەماحی سەرکردایەتیدا کێشەی میللەتەکەی بکا بە پارویەك و ناحەزانی یاری بە خوێنی ئەو بکەن، ئەگەر بۆ شایەت و بەڵگە بگەڕێین سەبارەت بە بلیمەتی و لێهاتوویی سەرکردایەتی بارزانی ئەوا مێژوو گەلێك ڕووداوی ڕاستەقینەمان دەخاتە بەردەست.

هەرچەندە لە سەرەتای ئامادە کردنی ئەم نووسینەمدا هەر بە گوێبیست قسەیەکی (ئەبولحەسەن تەفریشیان)م بە کەم و کورتی لە سەرەتاوە باس کردوە، کە باس لە بلیمەتی سەرکردایەتی بارزانی دەکات، بەڵام بەم دواییانە کە سەرقاڵی لەچاپدانەوەی ئەم نامیلکەیە بووم کتێبێکی ئەو زاتەم دەست کەوت کە بەرێز شەوکەت شێخ یەزدین لە ژێر ناوی (بارزانی خۆی بە دەستی کەسەوە نادات) لەو کتێبەدا ئەو پیاوە (تەفریشیان) گەلێك زانیاری و راستی بلیمەتی بارزانی سەرکردەمان دەخاتە بەر چاو کە ئەوەندەی من لەو سەرەتایەدا باسم کردبوو تنۆك بە دەریایەکی ئەو قسانە دەبن کە تەفریشیان لەو بارەوە و لە زۆر باری ترەوە کردوونی بۆیە بە پەسەندم زانی لێرەدا بەشێکی تر لەو قسانە بێنمەوە و ئەم بابەتەی پێ دەوڵەمەند بکەم و تیشکی زیاتری بخەمە سەر، ئاشکراشە دووبارە کردنەوەی حەق و ڕاستی بۆ ئەم شوێنە گەلێك پێویست و لە جێی خۆیدا دەبێت.

ئەوەتا لە لاپەڕە ٧٢ی ئەو کتێبەدا تەفرشیان لە زمانی بارزانی نەمرەوە دەڵێ:

(من کۆمۆنیست نیم، فیۆداڵیش نیم، من دیموکراتم، لە لای ئەو دیموکرات واتایەکی تایبەتی هەبوو، لەگەڵ گەلەکەیدا لەسەر یەك سفرە دادەنیشت، لەگەڵ ئەواندا نانی دەخوارد، لەگەڵ ئەواندا دەچووە شەڕەوە و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا لە سەنگەردا دەنوست، ئەو بەجۆرێك بوو پیاوانی بارزانی خۆشیان دەویست).

لە زانستی سەربازیدا ناسینی زەوی مەرجێکی سەرەکییە بۆ دانانی نەخشە و پلانی شەڕ، هەر لە زمانی تەفریشیانەوە کە بۆخۆی ئەفسەرێکی جەنگی بووە ئەم خەسڵەتەی لە بارزانی نەمردا بەدی کردووە، ئەوەتا بۆخۆی شاهیدی ئەو لێهاتووییە دەدا بە بارزانی و دەڵێ: ئەو واتە بارزانی زەوی چاك دەناسی و زۆر بە چاکی دەیتوانی کەڵك لە لەمپەری زەوی وەربگرێ و بڕیار بدات، بە زیرەکی و لێزانینەوە کاری دەکرد.

من لەسەرەتادا ئەو مەعادەلەیەم خستە رووکە:

(سەرکردەیەکی لێهاتوو+ کۆمەڵە جەنگاوەرێکی لەخۆبوردو+ چەك و تفاقێکی کاریگەر = بە سەرکەوتنێکی لەبەر چاو). ئەوەتا بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەم تەفریشیان لە لاپەڕە ٧٣ی ئەو کتێبەدا دەڵێت: ( ڕاستیت دەوێ هەرچەندە نەهێنی سەرکەوتنی شەڕەکانی مەلا مستەفا هەتا رادەیەك گرێدراوی ئازایەتی پیاوانی خێڵەکەی بوو، بەڵام لە پێشەوەی ئازایەتی پیاوانی بارزانی، ژیری مەلا مستەفا خۆی بوو کە دەبووە مایەی سەرکەوتن، تەرازووی هێزی خۆی و پیاوانی خۆی دەزانی و لەو شوێنەی بیزانیایە دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێ بە دڵنیاییەوە پاشە کشێی دەکرد، کەس نەیدەتوانی بڵێ ئەوە لە ترساندایە پاشەکشە دەکات، ئەو بە باشی دەیتوانی لە کاتی لەباردا پەلامار بدا و لە کاتی لەباردا بکشێتەوە). من لێرەدا قسەیەکم دووپات دەکەمەوە کە لە زۆر کات و شوێندا بەرامبەر بەو کەسانەم گوتوون یا نووسیون کە لە ڕووی نەزانیەوە یا خود لە رووی ڕق و قینەوە دەیانەوێ بە ناحەق ئۆبالی نسکۆی ١٩٧٥ بە تەنها بدەنە پاڵ شەخسی بارزانی نەمر، لای من گوناهی ئەو کارەساتە نە لە دوورو نە لە نزیك ناچێتە ئەستۆی بارزانی بگرە زیرەکی ئەو پیاوە لەوەدا بوو کە پێشبینی گەلێك کارەساتی دەکرد تووشی میللەتەکەی دەبێتەوە ئەگەر بێت و مل نەدا بۆ بڕیارێك کە لەسەرووی دەسەڵاتی ئەوەوە نەخشەی نێودەوڵەتی بۆ کێشراوە، ئەگەر بارزانی نەمر ئەوسا لەو بڕیارەی دەرچووایە ئێستا ئۆباڵی ئەنفال کردنی ١٨٢هەزار کەس و وێران کردنی ٤٥٠٠ گوندی کوردستان و قەڵاچۆکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار کیمیا بارانکراوی هەڵەبجە و هەموو ئەو کوشتن و بڕینانەش دەدرایە پاڵ ئەوی نەمر لە کاتێکدا ئەو ئازاری نسکۆکەی پێ باشتر بوو لەوەی لەسەر حیسابی خۆی میللەتەکەی تووشی ئەو نەهامەتیە بکات، خۆی وتەنی ( ئەگەر میللەت بوو شۆڕش هەر دەبێتەوە بەڵام کە میللەت نەما شۆڕش بە چی دەکەیت؟ ) من لێرەدا حاڵەتی نسکۆکەی شۆڕشی ئەیلول بە بارو دۆخی داگیر کردنی کوێت بەراورد دەکەم کاتێك لە ساڵی ١٩٩٠دا لە لایەن عێراقەوە داگیر کرا نەك هەر زەرەر و زیانی گیانی پێکەوت بگرە سەروەری و شکۆمەندی وڵاتەکەشی لە دەست دا، کەچی تەنانەت ئەوانەی لە بەرەی رکابەری (معارزە)ی

حکومەتی کویێتیشدا بوون نەهاتن ئۆباڵی ئەو کارەساتە بدەنە پاڵ میری کویێت و سوپای کویێتی و تەنانەت خەڵکانی کویێتیش تاکو ئێستا گوێبیستی ئەوە نابین یەکێك لە دەرەوە و ناوەوەی کویێت لەسەر ئەو کارەساتە قسەیەکی وا سارد و سوك بخاتە پاڵ میری کویێت و پێی بڵێن تۆ سەبەبکاری ئەو کارەساتە بوویت.

ئەمە دەڵێم و جارێکی تر هەزار رەحمەت بۆ دووربینی و بلیمەتی ئەو سەرکردە نەمرە دەنێرم کە دەبێ تا کوردێك مابێت لەسەر ئەم زەوینەدا خۆی بە قەرزارباری ئەو کەڵە پیاوە بزانێ.

هەڵبەتە زۆریش لە ئێمە ئەو حەقایەتەمان لە بیرە کە چۆن سەرکردەیەکی سەربازی لە یەکێك لە تێکشکانەکانیدا، پەند لە هەوڵ و کۆششی مێرولەیەك وەردەگرێ کاتێك دەبینێ چۆن ئەو مێرولەیە دەنکێك گەنم راپێچ دەکاو دەیەوێ لە شوێنێکی نزمانییەوە بیگەیەنێتە سەر شارەکەی خۆی هەر جارەی خەریك دەبێت لە شارەکەی نزیك ببێتەوە لە دەمی دەکەوێتە خوارەوە و گلۆر دەبێتەوە بەڵام مێروولەکە واز ناهێنێت جارێکی تر و دووان و سیان و بگرە بۆ چەندین جاری تر هەوڵ لەگەڵ راپێچ کردنی دەنکە گەنمەکە دەدا و کۆڵ نادا تا بۆ دواجار دەنکە گەنمەکە دەگەیەنێتە ئەو شوێنەی مەبەستیەتی بیگاتێ.

کابرای سەرکردەش هەر سەرەنج لەم رووداوە دەگرێ ئەنجام بیرێك بە مێشکیدا دێت کە دەبێ پەند لەو ورەو هەوڵی ئەم مێروولەیە وەربگرێ و لەسەر پەیڕەوی ئەو هەوڵ و تەقەلایە جارێکی تر دەچێتەوە ناو هێزە پەرژ و بڵاوەکەی و کۆیان دەکاتەوە و وورەیان دەخاتەوە بەر و لە هەڵێکدا دەیانکات بە گژ دوژمنەکەیاندا و بەسەریاندا زاڵ دەبێت.

هەموو ئەم پەندانە ئەوەمان پێ دەبەخشن کە مەیدانی شەڕ وەك هەموو مەیدانێکی تری زۆران بازی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی تێدەکەوێ، گرنگ لەوەدا نییە کە ژێر

دەكەوێ، بەڵكو گرنگی لەوەدایە كە ژێر كەوتی بزانی چۆن هەڵدەستیەوە، یا خود دەبێ ئەوە بزانیت كاتێك كە سەردەكەوی چۆن ئەو گیانی سەركەوتنە دەپارێزی.

لە كۆتاییدا ئەوە دەڵێم هەر وەكو شاعیرێكی كورد گوتوویەتی:

هێنانەدی بەهاری كورد　　سارێژ بوونی ئازاری كورد

لەسەر شانی ئێمەی كوردە　　ئێمەین پێشمەرگە و سەركردە